www.kurdistannet.org
18-1-2003 23:09

# سەفەرێك ڕووەو ئەو دیو كۆتایی سنورەكان

ئەحمەد زامدار

لێرەیا لەم فەنابوونەدا پێكی ڕەشی چاوەڕوانی
ئەخۆمەوەو
ئازاری تاڵ و تەنیایی
ئەكێشم
تەمەن مۆمێكە ئەسوتیَ
لە سەمای ئاویلكەدایە
ڕوخساریش ڕەنگی زەردی ئەو گڵۆپانەی
گرتووە، كە
شەوانە لە زوقمانا
هەڵەلەرزن
ڕۆح شوشەی شەرابە
بە شكاوی فڕێراوتە سەر
شەقامە چڵكنەكان
جەستەش داهۆڵێكە
چەقیوەتە نێو زۆنگاوو خوێنی ئەم
عەدەنە بیَ مروەتە
ئا لێرەیا لەم شارەیا
سبەینان خۆر درەنگ
هەڵدیَ
ئێوارانیش برینەكان زیاتر
چۆڕاوگەی خوێنیان دیَ
پاساری بیَ جریوەیە
گوڵ بیَ بۆنە
پەپولە سەما ناكا
خەزان وەرزێكە گشت ڕۆژیَ
لەپەنجەرەوە بەیانی باشم
لیَ ئەكا
شێوەم ناچێتەوە سەر وێنەكانی منالّی
یان ئاوێنەكان ڕوخساری
ماندوویان شێواندووم
ئەمە من نیم لە ترسی مەرگ
خزاومەتە نێو پێخەفی بێدەنگی
من لە ڕوناكیا پرسیارم ئەكرد و
لە تاریكیا بۆ وەڵام ئەگەڕام

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

کەچی ئێستا لە ڕوناکی و تاریکیا
پرسیارەکان بێ وەڵامن
وەرە هاوڕێ
دەستت بێنە
کەس وەئاگا مەهێنە
با بڕوێن ڕووەو ئەو سەرابانەی
لە هەنگاوەکانمان ڕائەکەن
ڕووەو ئەو بەستەڵەکانەی
لە هەناسەمان ئەتوێنەوە
ئەم ڕێگانە نامانگەیەننە مەنزڵگەی هیچ
ئۆخەیەك
ئەم کانیاوانە تینوێتیمان
ناشکێنن
ئەم سنورانە بە تەنهاییمان ئەسپێرن
با بڕۆین
ڕووەو ئەو دیو
تارمایی تاریکی
ڕووەو ئەو دیو سنورەکانی کۆتایی
تا لەوێ گشت دەرگا داخراوەکانی
مرۆڤایەتی
ئاچوخ کەین!

Heidelberg ٢٠٠٣ .١ .١٥

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت